مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

# اوضاع التعليم في رواندز (١٩٥٨-١٩٧٥)

م. سيران صالح إسماعيل
قسم التاريخ، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين-اربيل، اقليم كوردستان، العراق.
sairan.ismael@su.edu.krd
م.م. سنور صباح صديق
قسم التاريخ، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين-اربيل، اقليم كوردستان، العراق.
snur.sediq@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: راوندوز، التعليم، الطالب، المعلم

**كيفية اقتباس البحث**

إسماعيل , سيران صالح , سنور صباح صديق, منهج التعليم في راوندوز (١٩٥٨-١٩٧٥),مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آب ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٨ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

# The state of education in Rwandz (1958-1975)

**Sairan Saleh Ismail**
**Department of History, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq.**
**sairan.ismael@su.edu.krd**
**Snur Sabah Sediq**
**Department of History, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq.**
**snur.sediq@su.edu.krd**

**Keywords** : Rawanduz, Education, Student, Teacher.

## How To Cite This Article

Ismail , Sairan Saleh , Snur Sabah Sediq ,The Educational System in Rawanduz (1958–1975( ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, August 2026,Volume:16, Issue 8.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract

The Education System in Rwandoz (1958–1975)remained significant through both religious and formal education, contributing to the graduation of many religious scholars (mullahs) and intellectuals. The July 14 Revolution of 1958 brought important educational reforms, including the adoption of Kurdish as the language of instruction in Kurdish areas, the appointment of teachers, and the establishment of new schools.

However, the Kurdish Revolution and the subsequent conflict had a major impact on education in Rawanduz and surrounding areas. The educational process experienced periods of progress and decline. Many teachers were arrested or removed from their positions, while some students joined the Peshmerga forces and were unable to complete their studies. Despite these challenges, formal education continued, whereas the religious schools (Hujra schools) were closed following the death of Abdul Karim Afandi.

The study consists of an introduction, a summary, three chapters, and a bibliography:

- **Chapter One** examines religious education in Rawanduz, its stages, the mullahs who obtained religious certification, and the lives of religious students.
- **Chapter Two** focuses on formal education between 1958 and 1969, discussing the impact of the July 14 Revolution, the Kurdish-language education law, the establishment of the General Directorate of Kurdish Education, teachers' conferences in Shaqlawa, and the effects of the February 8, 1963 coup. It also analyzes official statistics on students, teachers, and schools in Rawanduz.
- **Chapter Three** examines formal education between 1970 and 1975, highlighting the impact of the March 11, 1970 Agreement, the reopening and rehabilitation of schools, teacher appointments, and literacy campaigns. The war of 1974–1975 and the evacuation of Rawanduz disrupted education, although some students continued studying in caves, while others who moved to Iran pursued their education there, though their years of study were not recognized after their return.

**الملخص:**

تتمثل أهميته من خلال التعليم الديني والتعليم النظامي، وأسهم في تخريج عدد من رجال الدين (الملا) والمثقفين. في راوندوز. وقد أدى قيام ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ إلى نوع من النهضة في معظم جوانب الحياة، ولا سيما في مجال التربية والتعليم. ومن بين تلك التطورات اعتماد اللغة الكردية لغة للتدريس في المناطق الكردية، وتعيين عدد من المعلمين وافتتاح مدارس جديدة.

إلا أن اندلاع الثورة الكردية وبدء الحرب أثرا بشكل كبير في العملية التعليمية في راوندوز والمناطق المحيطة بها، حيث شهدت هذه العملية فترات من التقدم والتراجع. وقد تعرض معلمو راوندوز للاعتقال والإبعاد عن مهنة التعليم طوال تلك المدة، كما واجه الطلبة الظروف نفسها، إذ انضم عدد منهم إلى قوات البيشمركة، ولم يتمكن بعضهم من إكمال دراستهم. وعلى الرغم من هذه الظروف، استمرت عملية التعليم النظامي، في حين أغلقت مدارس الحُجرات الدينية في راوندوز بعد وفاة عبد الكريم أفندي.

تتكون هذه الدراسة من مقدمة وملخص وثلاثة مباحث وقائمة للمصادر:

**المبحث الاول:** لخصص للتعليم الديني في راوندوز، حيث تناول مراحل التعليم الديني، مع الإشارة إلى عدد من الملاّيين الذين حصلوا على إجازة الملاّية، كما سلط الضوء على حياة الفقهاء (الطلبة الدينيين) في راوندوز.

**المبحث الثاني :**خُصص للتعليم الرسمي في راوندوز بين عامي (١٩٥٨-١٩٦٩). وتم فيه تحليل تأثير ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ على العملية التعليمية، والإشارة إلى صدور قانون التعليم باللغة الكردية، وتأسيس المديرية العامة للتعليم الكردي، وعقد مؤتمرين للمعلمين في شقلاوة. وبسبب عدم تنفيذ الحكومة لوعودها، بدأ معلمو كردستان نشاطهم النضالي السري. كما تناول

المبحث تأثير انقلاب ٨ شباط ١٩٦٣ على التعليم، مع الاعتماد على الإحصاءات الرسمية لبيان ومقارنة أعداد الطلبة والمعلمين والمدارس في قضاء راوندوز خلال تلك الفترة.
**المبحث الثالث** :خُصص للتعليم الرسمي في راوندوز بين عامي (١٩٧٠-١٩٧٥). وتناول أثر اتفاقية ١١ آذار ١٩٧٠ على العملية التعليمية، كما تطرق إلى إعادة افتتاح المدارس وتأهيلها، وتعيين المعلمين، والجهود المبذولة لمحو الأمية. غير أن اندلاع الحرب خلال عامي (١٩٧٤-١٩٧٥) وإخلاء راوندوز أدى إلى توقف العملية التعليمية فيها. وخلال تلك المدة، واصل بعض الطلبة دراستهم داخل الكهوف، كما استمر الطلبة الذين نزحوا إلى إيران في تعليمهم، إلا أن سنوات دراستهم هناك لم تُحتسب لهم بعد عودتهم.

## ڕەوشی خوێندن لە ڕواندز (١٩٥٨-١٩٧٥)

م. سيران صالح إسماعيل
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان،
عێراق.sairan.ismael@su.edu.krd
م.م. سنور صباح صديق
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان،
عێراق.snur.sediq@su.edu.krd

پوختە:

ڕەوشی خوێندن لە ڕواندز ساڵانی١٩٥٨-١٩٧٥ بە خوێندنی ئایینی و فەرمیەوە گرنگی خۆی هەبووە، کە بووە هۆی پێگەیاندنی ژمارەیەك لە پیاوانی ئاینی(مەلا) و ڕۆشنبیر لە ڕواندز، هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی١٩٥٨ جۆرێك لە بوژانەوەی لە زۆربەی لایەنەکانی ژیاری هاتەکایەوە بەتایبەتی لایەنی پەروەردە و فێرکردن، لەوانە خوێندن لە ناوچە کوردیەکان کرا بە زمانی کوردی و ژمارەیەك مامۆستا دامەزران و قوتابخانەی نوێ کرایەوە، بەڵام بەهۆی هەڵگیرساندنی شۆڕشی کوردی و دەستپێکردنی شەڕ کاریگەری زۆری لەسەر پرۆسەی خوێندن کردووە لە ڕواندز و ناوچەکانی دەوروبەری، ئەم پرۆسە بەردەوام لە هەڵکشان و داکشان بووە، مامۆستایانی ڕواندز توشی گیران و دوورخستنەوە بوون لە پیشەی مامۆستایەتی بە درێژایی ئەو ماوەیە، تەنانەت قوتابیانیش توشی هەمان باردودۆخ بوونەوە، چونکە ژمارەیەك قوتابی پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگە کردووە و بەشێکیان خوێندیان تەواو نەکردووە، سەرەڕای ئەم بارودۆخە پرۆسەی خوێندنی فەرمی بەردەوام بووە، بەڵام خوێندنی حوجرەکان لە ڕواندز لە دوای مردنی عەبدولکەریم ئەفەندی داخراوە.

ئەم توێژینەوە لە پێشەکی و پوختە و سێ باس و لیستی سەرچاوە پێکهاتووە: باسی یەکەم: تەرخانکراوە بۆ خوێندنی ئایینی لە ڕەواندز. لەم تەوەرەدا باس لە قۆناغەکانی خوێندنی ئایینی کراوە و ئاماژە بە ژمارەیەک لەو مەلایانە دراوە کە ئیجازەی مەلایەتیان وەرگرتووە. هەروەها تیشک خراوەتە سەر ژیانی فەقییەکانی ڕەواندز.

باسی دووەم، تایبەتکراوە بە خوێندنی فەرمی لە ساڵانی (١٩٥٨-١٩٦٩) لە ڕەواندز. لەم بەشەدا کاریگەرییەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ لەسەر پرۆسەی خوێندن شی کراوەتەوە. هەروەها ئاماژە بە دەرچوونی یاسای خوێندن بە زمانی کوردی دراوە، لەگەڵ دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی و بەستنی دوو کۆنگرەی مامۆستایان لە شەقڵاوە کراوە. بەهۆی جێبەجێنەکردنی بەڵێنەکانی حکومەت، مامۆستایانی کوردستان دەستیان بە خەباتی نهێنی کردووە. هەروەها باسی کاریگەری کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ لەسەر خوێندن کراوە کە تێیدا پشت بە ئامارە فەرمییەکان بەستراوە بۆ پیشاندانی و بەراوردکردنی ژمارەی قوتابیان، مامۆستایان و قوتابخانەکانی قەزای ڕەواندز لەو ماوەیەدا.

باسی سێیەم: تەرخانکراوە بۆ خوێندن فەرمی لە ساڵانی (١٩٧٠-١٩٧٥) لە ڕەواندز. لەم تەوەرەدا کاریگەری ڕێککەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ لەسەر پرۆسەی خوێندن لێکدراوەتەوە. هەروەها باس لە کردنەوە و نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان و دامەزراندنی مامۆستایان و هەوڵەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری کراوە. بەڵام هەڵگیرسانی شەڕ لە ساڵانی (١٩٧٤-١٩٧٥) و چۆڵکردنی ڕەواندز بووە هۆی وەستاندنی پرۆسەی خوێندن لە رواندز. لەو ماوەیەدا هەندێک قوتابی لە ئەشکەوتەکاندا بەردەوامیان بە خوێندن داوە و تەنانەت ئەو قوتابیانەی بۆ ئێران ئاوارە بوون، خوێندنیان درێژەپێداوە، بەڵام دوای گەڕانەوەیان ئەو ساڵە خوێندنیان بۆ هەژمار نەکراوە.

کلیلی ووشە، ڕواندز، خوێندن، قوتابی، مامۆستا.

پێشەکەی.

گۆڕانکارییە پەروەردەییەکانی ڕواندز لە ساڵانی١٩٥٨-١٩٧٥توێژینەوەیەکی مێژوویە کە ماوەی دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ تا ساڵی ١٩٧٥ دەگرێتەوە. توێژینەوەیەکە هەوڵدەدات ڕەوشی خوێندنی ئایینی و فەرمی لە قەزای ڕەواندز لەو ماوەیەدا شی بکاتەوە و کاریگەری گۆڕانکارییە سیاسی، سەربازی و کۆمەڵایەتییەکان لەسەر پرۆسەی خوێندن بخاتە بەر لێکۆڵینەوە. هەروەها ئامانجی توێژینەوەکە دیاریکردنی گرنگترین ئاڵوگۆڕەکانی بواری خوێندن و ڕۆڵی دامەزراوە پەروەردەییەکان لە گەشەی زانستی و ڕۆشنبیری ناوچەکەدا، لەم ماوەیەدا پرۆسەی خوێندن لە ڕواندز بەردەوام لە نێوان هەڵکشان و داکشاندا بووە و ڕووداوە سیاسییەکان کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر ئاست و گەشەی خوێندن هەبووە، وەك دوای کودەتای ساڵی١٩٦٣ و گەیشتنی حیزبی بەعس بۆ دەسەلات، پرۆسەی خوێندن لە ڕواندز پاشەکشەی کرد، چونکە ژمارەیەک لە مامۆستایان دەستگیر کران و هەروەها ژمارەیەك قوتابی بە بیانووی پەیوەندییان بە ڕێکخراو و ڕێکخستنە سیاسییەکان گیراون. لە لایەکی دیکەوە، حکومەت زۆربەی مامۆستاکانی لە ناوچە ئازادکراوەکان کشاندەوە، کە ئەمە بووە هۆی دروستبوونی کێشەیەکی گەورە لە بواری پەروەردەدا، بەهۆی ئەو بارودۆخە، سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان هەنگاوی جدی بۆ بەردەوامی خوێندن ناوە و خولی پێگەیاندنی مامۆستایان کردۆتەوە، بۆ ئەوەی مندالان و ڕۆڵەکانی کوردستان لە مافی خوێندن بێبەش نەبن. لە ئەنجامی ئەو هەوڵانەدا ژمارەیەک مامۆستا پێگەیشتن و لە قوتابخانەکاندا دەستیان بە وانەوتنەوە کرد.

سەرەڕای ئەم هەموو كێشە و ئاستەنگانە، پرۆسەی خوێندن لە ڕواندز نەوەستا و بەردەوامی بوو، هەوڵی مامۆستایان، قوتابیان و كۆمەڵگە بووە هۆی ئەوەی پەروەردە و خوێندن لە ناوچەكەدا بەردەوام بێت و نەهێلرێت ئەو بارودۆخانە بە تەواوی كاریگەری نەرێنی لەسەر داهاتووی قوتابیان هەبێت.

هۆكاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی بابەتەكە، نەبوونی توێژینەوەیەكی ئەكادیمی لەسەر پرۆسەی خوێندن لە ڕواندز لەم ماوەیەدا، توێژینەوە لەسەر ئاستی پارێزگا كراوە وەك پارێزگای هەولێر، ئەمەش لێكۆڵینەوەیەكی گشتییە، بەڵام تایبەت بە ڕواندز نەكراوە، توێژینەوەكە پشت بە چەندین میتۆدی مێژوویی جۆراوجۆر بەستووە، بە شێوەیەكی تایبەت میتۆدی ڕێبازی لێكۆڵینەوەی مێژوویی ڕەچاو كراوە. هەروەها، لە هەندێك شوێندا میتۆدی شیكاری زانستی سیاسی و بەراوردكاری بۆ شیكردنەوەی بابەتەكە بەكارهاتووە.

گومان لەوەدا نییە كە توێژینەوەكە لەسەر بابەتی خوێندن لە ڕواندز تووشی چەندین كێشە و ئاستەنگ بووە، بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی تایبەت و داتای پێویست، دەست نەكەوتنی بەڵگەنامەكان، بەهۆی نەبوونی خانەی پاراستنی ئەرشیف لە كوردستاندا، بۆیە توێژەر پەنای بۆ ئەنجامدانی ژمارەیەك چاوپێكەوتن لەگەڵ مامۆستایانی ئەو سەردەمە بردووە. بەڵام لەم بوارەشدا هەندێك كێشە هەبوون، چونكە هەندێك لە چاوپێكەوتن زانیارییەكانیان لەبیر چووبوو، یان هەندێكیان ئامادە نەبوون چاوپێكەوتن لەگەڵ توێژەر ئەنجام بدەن.

ئەم توێژینەوە لە پوختە و پێشەكی و سێ باس پێكهاتوە، باسی یەكەم تیشك خراوەتە سەر خوێندنی ئاینی لە ڕواندز، باسی قۆناغەكانی خوێندن و ژیانی فەقێیەكان چەندبن بابەتی دیكە، باسی دووەم تەرخانكراوە بە خوێندنی فەرمی لە ڕواندز لە ساڵانی١٩٦١-١٩٦٩، لەم تەوەرەدا ئاماژە بە ژمارەی قوتابی و مامۆستا و قوتابخانەكانی ڕواندز و دەوروبەری كراوە، هۆكاری زیاد بوون و كەمبوونی ڕێژەی قوتابیان و مامۆستایان و قوتابخانەكان لێكدراوەتەوە.

باسی سێیەم تایبەتكراوە بە ڕەوشی خوێندن لە ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٥، دیسانەوە ئاماژە بە ژمارەی قوتابیان، مامۆستا و قوتابخانەكان بەستراوە، كە قۆناغێكی هەستیارە بەهۆی ڕێككەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ چەندین قوتابخانە و بنكەی نەخوێندەواری لە ڕواندز كرایەوە.

بۆ ئامادەكردنی ئەم توێژینەوە پشت بە ژمارەیك سەرچاوە بەستراوە لەوانە بەڵگەنامەی بڵاونەكراوەكان ئەم بەڵگەنامانە بەهایەكی زانستی بە توێژینەوەكە بەخشیووە، بەشێكیان لە ئەرشیفی تاكە كەسی پارێزراون لەوانە(ئامانج غازی، سنور سەباح، كامەران حاجی، فەرهاد محەمەد مستەفا) ئەم بەڵگەنامانە زانیاری گرنگی تێدا بوو لەسەر مامۆستایانی ڕواندز كە چۆن لەلایەن ڕژێم دوورخرانەوە لە پیشەی مامۆستایەتی.

بەڵگەنامە و بڵاوكراوەكانی میری لە دامودەزگاكانی حكومەتی عێراق، سودێكی هەبوو بۆ توێژینەوەكە، بە تایبەتی ئامارەی پەروەردە كە ژمارەی قوتابی و مامۆستا و قوتابخانەكانی تێدا تۆمار كراوە لەوانە (الجمهورية العراقية، وزارة التربية و التعليم، التقرير السنوي الاحصاء

التربوي ١٩٦١-١٩٦٢.، دليل التعليم لكافة مراحل الدراسية على مستوى المحافظة اربيل للعام الراسى ١٩٨٢-١٩٨٣).

چاوپێکەتن و یاداشتەکان، یەکێکی دیکەیە لە سەرچاوەکان، بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی تایبەت بە خوێندن لە ڕواندز، کەلێنەێکی زۆر پەیدا بوو لە زانیاری دەربارەی ڕەوشی خوێندن بۆ پرکردنەوەی ئەم کەلێن و پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکان چاوپێکەوتن لەگەڵ ژمارەیەك مامۆستا و قوتابی ئەم سەردەمە ئەنجام دراوە لەوانە مامۆستایان (ئامینە ئەسعەد، جەودوت بیلال، لوقمان دەرگەڵەیی، ئەحمەد کەریم)، لە یاداشتەکانیش سوود لە کتێبی زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی کتێبی بیرەوەریەکانم، قادر مەلا ئەحمەد دەرگەڵەیی کتێبی بیرەوەرییەکانم و ساڵح قادر بەگ، ئەزموون و یادەوەری، هەرسێکیان هاوچەرخی ڕووداوەکان بوون و مامۆستایەتیان کردووە و لەسەر کاری سیاسی دوورخرانەوە.

گۆڤار و ڕۆژنامەکان، بەشێکی دیکەن لە سەرچاوە کە سوودی لێ وەرگیراوە لەوانە (گۆڤاری پەیامی ئەیلول، هەتاو)، لە ڕۆژنامەکانیش سود لە ڕۆژنامەکانی(هاوکاری و عێراق وەرگیراو، کتێب سەرچاوەیەکی دیکەیە لە توێژینەوەکە سودی لێ وەرگیراوە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی، لە زمانی کوردی کتێبی صالح محمد صالح، ڕواندز مێژوو و بیرەوەریەکان، ئەم کتێبە تایبەتە بە ڕواندز لە خوێندنی ئایینی سودی لێ وەرگیراوە کە باسی قۆناغەکانی خوێندنی حوجرە دەکات، وشیار حەمەد حاجی، یەکێتی مامۆستایانی کوردستان چەند لایەنێکی مێژووی سەرهەڵدان و تێکۆشان ١٩٦٢-١٩٩٨ لە بابەتی دامەزراندنی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان و خەباتی نهێنی مامۆستایان سودی لێوەرگیراوە، چالاك میرانی، ڕواندز.. قەڵای خەبات و کوردایەتی، ئەو کتێبە بە ووردی خەباتی مامۆستایانی ڕواندز دەکات تا ساڵی١٩٧٥، گرتنی و دوورخستنەوەی مامۆستایان بۆ باشووری عێراق دەکات.

کتێبەکان بە زمانی عەرەبی سودی لێوەرگیراوە لەوانە عبدالوهاب الاتروشي، اربیل في ظلال اذار التاريخي، ئەو کتێبە زانیاری ووردی تێدایە دەربارەی دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، محمود فهمي درويش و اخرون، دليل الجمهورية العراقية لسنة ١٩٦٠، ابراهيم محمود المدرس، دليل مقررات مجليس التربية المجموعة الثانية للسنوات من١٩٦٠ لغاية ١٩٦٤، ئەو دوو کتێبەش باسی یاسا و ریساکان تایبەت بە خویندنی ئەو ماوەی تێدایە، لەکۆتاییدا هیچ کارێکی مرۆڤ بەدەر نیە لە کەموکوڕی ئەو توێژینەوەیەش بەشێکی کەمە لە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە و کاری تەواو تەنها بۆ خودای گەورەیە.

**باسی یەکەم: خوێندنی ئایینی.**

خوێندنی ئاینی لە کوردستان ڕیشەیەکی قوڵ و کۆنی هەیە، ڕواندزیش لە چوارچێوەی مزگەوت و حوجرەکان دەستێکی باڵای هەبووە لە پێگەیاندنی پیاوانی ئاینی لە ناوچەکەدا، ژمارەیەك لە پیاوانی ئاینی لە ڕواندز ئیجازەی مەلایەتیان وەرگرتووە، خوێندنی ئایینی بە گشتی بە چەند قۆناغێك تێپەڕیووە کە(سوختە، موستەعید، فەقێی موتەعەللق، موستەعید و موستەعیدی ئاخر مادده)بووە(عەلیاوەیی، ٢٠٠٣، ل٢٤-٣٠؛ اسماعیل، ١٩٨٤، ص١٤-١٧)، کە چەندین پەرتوکی ئایینی دەخوێندرا لەوانە سیپارە بۆ فێربوونی ئەلفوێی عەرەبی، خوێندنی قورئان...هتد(هەورامی، ٢٠٠٨، ل٣٣٤-٣٤٥؛ صالح، ٢٠١٨، ل٨٨-٩٢).


مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

لە ڕواندز هەر قۆناغێکی خوێندنی ئایینی لە مزگەوتێك دەخوێندرا، بەمشێوەیە لە مزگەوتی لەعلی خان قۆناغی(١-٢) بەشەکانی ١و ٢ قورئان دەخوێندرا بە خوێندن و نوسینەوە، قۆناغی(٣-٤) لە مزگەوتی حاجی حەمەد شا واتا مزگەوتی شێخ مەلا سادق کە ٦ بەشی قورئانیان دەخوێند، هەروەها قۆناغەکانی(٥-٦-٧) کە (١٢) بەشی قورئان دەخوێندرا لە مزگەوتی تەکیە، لە مزگەوتی باویل ئاغا شوێنی موستەعیدەکان بوو، لەم مزگەوتە خۆیان بۆ تاقیکردنەوە ئامادە دەکرد و زۆرجار ووتاریان بۆ خەڵك دەخوێندەوە تا شەڕمیان بشکێت، دواتر لە مزگەوتی گەورە پۆلی(٨-٩-١٠)یان تەواو دەکرد بۆ ماوەی (٢)ساڵ دەمانەوە تا بە تەواوەتی پێدەگەیشتن لە سەرجەم زانستە پێویستەکانی ئاینی ئیسلام و مۆڵەتی پێش نوێژی و وتاربێژیان وەردەگرت(صالح، ٢٠١٨، ل٨٨-٩٢؛ سەرانەیی، ٢٠٢٥/٩/٣٠).

ژیانی فەقێیانی ئەوکات لە کوردستان سەخت بووە، چونکە حوجرە وەك قوتابخانە نەبووە سەر بە دەوڵەت بێت، بەڵکو دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیان وەک جلوبەرگ و پەرتوك لەسەر فەقێیەکان خۆیان بوو، زۆربەی فەقێیەکان کوڕە هەژار بوون و کەسوکاریان توانای ئەوەیان نەبوو پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکەن، لەبەرئەوەی فەقێ(طالب علم)یان پێوتراوە هیچ بەلایان نەنگ نەبووە داوای یارمەتی بکەن(هەورامی، ٢٠٠٨، ل٣٩٠)، لە ڕواندز فەقێیەکان پشتیان بە خەڵکەکەی بەستبوو بەتایبەتی ئەوانەی نزیك مزگەوت بوون، ڕۆژانە خواردنیان لە ماڵەکان وەردەگرت جا ئەو ماڵە چ خواردنێکیان هەبوایە کێشەی نەبوو، تەنانەت جل و بەرگیشیان بۆ دابین دەکرا (صالح، ٢٠١٨، ل٨٩-٩).

لە بەیانیانی ڕۆژی جەژندا دەچوون بۆ ماڵەکان داوای خواردنیان دەکرد دەیان ووت (ڕاتبی فەقێ)، دەبوایە خاوەن ماڵ سنی(خوانچە) ئامادە بکات و پێشکەشیان بکات(ڕۆناك حەسەن حاجی تاهیر، ٢٠٢٥/١٠/٢٣) هەندێك ماڵ بەردەوام خواردنیان بۆ فەقێیان ئامادە دەکرد لەوانە(سامی عەبدلقادر، مەلا قادر عەبدوڵلا، سمایل ئاغا، ساڵح محەمەد و مەلا حەمەدەمین عەبدوڵلا...هتد)(رزگار عەبدولقادر عەبدوڵلا، ٢٠٢٥/١٢/٢١)، شایانی باسە چەندین کەس ئیجازەی مەلایەتی لەلایەن مەلا عەبدولکەریم ئەفەندی پێبەخشراوە لەوانە(ئەحمەد وەرتی، ئەحمەد گۆیی، تەها وەتمانی و ممدوح مزوری...هتد)(مزوری، ٢٠٠٩، ل١١٠)، لەساڵی ١٩٦٦ (حەمەدئەمین عەبدوڵلا سلێمان(صالح، ٢٠٢٢، ل٤٨-٥٩) و لەساڵی ١٩٦٧ (عەبدولواحید شێخ جەمیل باڵەکی، عەبدولقادر دێلزی، ئەنوەر کانیەقوڕی...) ئیجازەی مەلایەتییان وەرگرتووە(باڵەکی، ٢٠١٢، ل١٧٢-١٧٣؛ رزگار عەبدولقادر عەبدوڵلا، ٢٠٢٥/١٢/٢١) ، لە ساڵی١٩٦٩ فەتحوڵلای گەرەوەیی لەلایەن مەلا ئەحمەد وەرتی ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە (گەرەوەیی، ٢٠٠٨، ل٨٠) خوێندنی ئایینی لە ڕواندز چەندین زانای ئایینی پێگەیاندووە لەوانە(عەلائەدین سەجادی، ممدوح مزوری، ئەحمەدی وەرتی، عزەدین شێخ عەلی و خدر وەرتی) تەنانەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش فەقێ لە حوجرەکانی ڕواندز خوێندوویانە، بەڵام لەساڵی١٩٧٧ دوای وەفاتی مەلا عەبدولکەریمی ئەفەندی خوێندن لە حوجرەکانی ڕواندز نەما(نزار خەیلانی، ٢٠٢٥/٩/٢٠؛ کوردستانی نوێ، ژ(٢٠)، ١٩٩٢/٢/١٧).

ژمارەیەك لە مامۆستایانی ئایینی شاری ڕواندز بەشداری خولی شەش مانگییان لە شاری بەغداد کردووە کە بۆ مامۆستایانی ئاینی کراوەتەوە[1]، بوون بە مامۆستا لەوانە (ئیسماعیل محەمەد ساڵح بووە مامۆستا لە قوتابخانەی سەرەتایی ڕواندز(صالح، ٢٠٢٢، ل١٩٢-١٩٣؛ حازم سەیدا عومەر، ٢٠٢٦/٢/٩) مەلا فەتحوڵلای گەرەوەیی لە گوندی

گەرەوانی سەروو کە لە ساڵی١٩٦٩ ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، یەکەم کەس بوو لەو گوندە بووە مامۆستا (گەرەوەیی، ٢٠٠٨، ل٨٠).

**ا. باسی یەکەم خوێندن لە ساڵانی١٩٥٨-١٩٦٩.**

دوای شۆرشی ١٤ی تەمموز ژمارەیەك بریار و یاسا دەرچوون لە بەرژەوەندی گەلی کورد دا بوو، یەك لەو بریارانە خوێندن بە زمانی کوردی بوو(نەبەز، ٢٠٠٧، ل١٣٠) وە بریاری کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی زانیاری گشتی خوێندنی کوردی درا، کە گرنگترین کاریان وەرگێران و نووسینی پرۆگرامی خوێندن بەزمانی کوردی بوو(درویش، ب.س، ص٤٧٧؛ هەتاو(گۆڤار)، ژ(١٥٣)، ساڵی٥، ١٥ی نیسانی١٩٥٩، ل٢٥-٢٦)، لێژنەیەکی تایبەت پێکهێندرا بۆ وەرگێرانی کتێبەکان، بەڵام بەهۆی هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلول لێژنەکە وەك پێویست کارەکانی ئەنجام نەدا(نەجار، ٢٠٢٠، ل٢٧-٢٨)، لە ڕواندزیش خوێندن کرا بە زمانی کوردی، بەهۆی چاپ نەکردنی کتێبەکان بەزمانی کوردی، مامۆستایانی ڕواندز ڕۆڵیان بینی کتێبە عەرەبییەکەیان دەکردە کوردی لەسەر تەختە ڕەش بۆ قوتابیان دەیاننووسی(ئامینە ئەسعەد خەیات، ٢٠٢٥/١٠/٢٣؛ عوسمان مستەفا سەعید، ٢٠٢٥/١١/٢٢)، بەڵام تەنها لە قۆناغی سەرەتایی خوێندن بەزمانی کوردی بوو، لە قۆناغی ناوەندی خوێندن هەر بە زمانی عەرەبی مایەوە، تا ڕێککەوتننامەی١١ی ئاداری١٩٧٠ (حازم سەیدا عومەر، ٢٠٢٦/٢/٩؛ جەودەت بیلال خدر، ٢٠٢٦/٥/١٤)، لە دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ خوێندن دووبارە کرایەوە بە زمانی عەرەبی(ڕێبوار نوری سەعید، ٢٠٢٦/٢/١٠؛ پەروین محەمەد ڕەسوڵ، ٢٠٢٦/٥/١٧).

لە شارۆچکەی شەقلاوە دوو کۆنگرە مامۆستایان لەساڵانی١٩٥٩-١٩٦٠ بەسترا، یەکێك لە ئامانجەکانی هەردوو کۆنگرە جێگیرکردنی زمانی کوردی بوو لە پرۆسەی خوێندن، لە ڕواندز (عەلی عەبدولرەزاق، فەتاح تۆفیق و جەلال سەعید خەیلانی) بەشداریان کرد(٢)، سەبارەت بە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان(ی.م.ک)(٣)، مامۆستایان بە نهێنی کەوتنە جموجۆڵ و نواندنی چالاکی و یەکخستنی ڕیزەکانیان بۆ دامەزراندنی ی.م.ک کۆبونەوە و چەندین لێژنە پێکهێندرا دواتر پەیوەندی کرا بە مامۆستایان تا بەشداری یەکەم کۆنگرەی مامۆستایان لە شاری سلێمانی بکەن، کۆنگرەکە لە ١٥ی ئایاری١٩٦٢ لە گەڕەکی گۆیژە لە ماڵی مامۆستا کامل بەسیر(١٩٣٣-١٩٨٧) بەسترا کە (٣٥)مامۆستا بەشدارییان کرد، لە ماوەی دوو ڕۆژدا چەند بڕیارێک درا، گرنگترینیان پشتگیری شۆڕش و لایەنگری مامۆستا دەرکراوەکان بوو، دەستەی سکرتاریەت، لێژنەی تەنفیزی و لقەکان دانران، دڵشاد محەمەد ئەمین ڕواندزی ئەندامی لقی هەولێر بوو (حاجی، ٢٠٢٤، ل٣١-٣٤)

لێژنەی ناوچەی ی.م.ک لە ڕواندز بە نهێنی لە ١٥ی تەممووزی١٩٦٢ هەڵبژێردرا، کە پێکهاتبوون لە (دلاوەر محەمەد ئاغا ڕواندزی، خاتونە وەهبیە، بابەکر کەریم، سدیق مەلا عەلی حەمەد خەیلانی، ئۆغەز شەمسەددین بەگ و ئیحسان ساڵح نەورۆز)، ئەم لێژنەیە لەگەڵ ڕێکخستنەکانی پ.د.ك زۆر چالاك بوون و مامۆستایان پشتگیریان لە ڕێکخراوەکە کرد تا وای لێهات چەند ڕێکخراوێکی دیکە بۆ مامۆستایان دامەزرا لەوانە ڕێکخراوی کۆڕەك لە خەلیفان، ناودەشت و زۆزك لە ڕواندز(میرانی، ٢٠٠٥، ل١١٦)، کۆنگرەی دووەم لە شوباتی١٩٦٦ لە سلێمانی لە ماڵی جەلال عومەر نزیك گوندی گردی سەیوان بەسترا، کە(٣٧)

مامۆستا بەشدار بوون، لە ڕواندز (عەبدوڵلا حەمید و دڵشاد محەمەد ئەمین ڕواندزی)بەشداربوون(حاجی، ٢٠٢٤، ل٣٨-٤٠؛ میرانی، ٢٠٠٥، ل١١٦).

دوای ڕێکەوتننامەی١١ی ئادار، سێیەم کۆنگرەی مامۆستایان لە ٥ی ئابی١٩٧٠ بە سەرپەرشتی مستەفا بارزانی بە دروشمی(ئاشتی، زانست، برایەتی) لە ناوپردان بەسترا، گرنگی لەوە دابوو کە بە ئاشکرا و بە بەشداری(٢١٠) مامۆستا جگە لە میوانەکان بەسترا، نوێنەری ڕواندز(ئیحسان ساڵح نەورۆز، لەتیف نادر، دلاوەر محەمەد عەلی ئاغا ڕواندزی، هەڵگورد ئیبراهیم ئاغا و عەقیلە ڕواندزی)بوون، دوای گفتوگۆ چەند لێژنەیەک هەڵبژاردرا، لە کۆتاییدا مەکتەبی سکرتاریەت (٢١) ئەندامی هەڵبژارد، یەکێك لە ئەندامەکان لەتیف نادر ڕواندزی بوو (پەیامی ئەیلوول(گۆڤار)، ژ(١)، پایزی٢٠٠٧، ل٦٠؛ میرانی، ٢٠٠٥، ل١١٧؛ حاجی، ٢٠٢٤، ل ل٥٣،٥٨).

(ی.م.ک) لە ناوچەکانی دیکە لقیان بە ئاشکرا کردەوە، یەکێکیان ناوچەی ڕواندز بوو(بۆ پێشەوە(گۆڤار)، ژ(١)، ساڵی١، ١٩٧٣، ل٣٧)، هەڵبژاردنی لێژنەی ناوچەی ڕواندزی ی.م.ک لە قوتابخانەی بێخاڵ و لە هەڵبژاردنێکی نهێنی(دلاوەر محەمەد عەلی ڕواندزی) بە بەرپرسی لێژنە هەڵبژێردرا و ئەندامانی لێژنە(ئیحسان ساڵح نەورۆز، هەڵگورد ئیبراهیم ئاغا، یوسف عەزیز و عەقیلە ڕواندزی) بوون، لە کۆنگرەی چوارەم و پێنجەم هەر ئەو مامۆستایانە ئەندامی لێژنەی ڕواندز بوون(میرانی، ٢٠٠٥، ل١١٧؛ ڕواندزی، ٢٠٢٤/٥/١٦) لە کۆنگرەی چوارەمی ی.م.ك لقی هەولێر محەمەد مەنگوری ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردن بوو(بۆ پێشەوە(گۆڤار)، ژ(٢)، ساڵی١، ١٩٧٣، ل٥٧؛ حاجی، ٢٠٢٤، ل٦٧) دوای کۆنگرەی چوارەم ناوی ی.م.ک گۆڕا بۆ سەندیکای مامۆستایانی کوردستان(س.م.ک)، لە کۆنگرەی پێنجەمدا لەتیف نادر ڕواندزی سەرۆکی لقی هەولێر بوو(حاجی، ٢٠٢٤، ل ل٨٠-٩٣).

سەبارەت بە ژمارەی قوتابیان و مامۆستایان و قوتابخانە لە شاری ڕواندز لە ساڵانی ١٩٦١-١٩٦٩ جێگیر نییە بەهۆی بارودۆخی سیاسییەوە وەك لە خشتەی خوارەوەدا ئاماژە بە ژمارەی قوتابی، مامۆستا و قوتابخانەکانی سەرەتایی و دواناوەندی لەساڵانی١٩٦١-١٩٦٩ کراوە (الجمهورية العراقية، وزارة التربية و التعليم، التقرير السنوي الاحصاء التربوي١٩٦١-١٩٦٢، مطبعة العاني، بغداد، ب.س، ص ص١٨-٤١؛ الجمهورية العراقية، وزارة التربية، التقرير السنوي الاحصاء التربوي١٩٦٢-١٩٦٣، مطبعة دار الجمهورية، بغداد، ص ص١٨-٤٤؛ الجمهورية العراقية، وزارة التربية، التقرير السنوي الاحصاء التربوي١٩٦٣-١٩٦٤، مطبعة الحكومة، بغداد، ب.س، ١٩٦٧، ص ص٢٧،٥٦؛ الجمهورية العراقية، وزارة التربية، التقرير السنوي الاحصاء التربوي١٩٦٤-١٩٦٥، وزراة التربية، بغداد، ب.س، ص ص٣٥-٦٣؛ الجمهورية العراقية، وزارة التربية، التقرير السنوي الاحصاء التربوي١٩٦٥-١٩٦٦، مطبعة الحكومة، بغداد، ١٩٦٩، ص ص٣٧-٩٨؛ الجمهورية العراقية، وزارة التربية، التقرير السنوي الاحصاء التربوي١٩٦٦-١٩٦٧، مطبعة الحكومة، بغداد، ١٩٧٠، ص ص٣٧-٧٨؛ الجمهورية العراقية، وزارة التربية و التعليم، التقرير السنوي الاحصاء التربوي١٩٦٧-١٩٦٨، ب.س، ص ص٣٥-٧٤؛ الجمهورية العراقية، وزارة التربية و التعليم، التقرير السنوي الاحصاء التربوي١٩٦٨-١٩٦٩، مطبعة العراق، بغداد، ١٩٧١، ص ص٣٥- ٧٦).

| ساڵی خوێندن | ژمارەی قوتابیان سەرەتایی | ژمارەی قوتابیان دواناوەندی | ژمارەی مامۆستایان سەرەتایی | ژمارەی مامۆستایان دواناوەندی | ژمارەی قوتابخانە سەرەتایی | ژمارەی قوتابخانە دواناوەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٦١-١٩٦٢[٤] | ٢٣١٥ | ٢١٤ | ١١٦ | ٨ | ٣١ | ١ |
| ١٩٦٢-١٩٦٣ | ١٨٠٩ | ٢٠٢ | ١١٢ | ٧ | ١٨ | ١ |
| ١٩٦٣-١٩٦٤ | ١٣٥٢ | ٢٤١ | ٥٦ | ٣ | ١٠ | ١ |
| ١٩٦٤-١٩٦٥ | ٢٠٩٠ | ٣٣٣ | ١٢٠ | ٧ | ٢٣ | ١ |
| ١٩٦٥-١٩٦٦ | ١٧٣٢ | ٢٦٨ | ١٠٢ | ١١ | ١٧ | ١ |
| ١٩٦٦-١٩٦٧ | ١٦٢٦ | ٣١٤ | ٨٧ | ١٣ | ١٦ | ٢ |
| ١٩٦٧-١٩٦٨ | ٢٢٢٠ | ٣٢٥ | ١٢٥ | ١٣ | ٢٧ | ٢ |
| ١٩٦٨-١٩٦٩ | ٢١٨٠ | ٣٨٤ | ١٢٣ | ٢٧ | ٢٦ | ٤ |

لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ژمارەی قوتابیان لە ساڵانی١٩٦١-١٩٦٩دا جێگیر نەبووە، ئەمەش پەیوەندی بە بارودۆخی سیاسی و سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول هەیە، بۆ نموونە لە ساڵانی خوێندنی١٩٦٣-١٩٦٤ و ١٩٦٥-١٩٦٦دا جیاوازیەکی زۆر لە ژمارەی قوتابیانی قۆناغی سەرەتاییدا هەیە، لە ساڵی١٩٦٣دا ژمارەی قوتابیان کەمە بەهۆی هاتنی حەرەس قەومییەکان١٩٦٣ بۆ دەسەڵات و شەڕ لە نێوان کورد و حکومەتی عێراق دەستپێکردەوە، کە زۆربەی ناوچەکان بەرکەوتەی شەڕ بوون و ڕواندزیش لەمە بەدەر نەبوو، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەشەوە زۆربەی قوتابیان باوکیان پێشمەرگە بوو نەیانتوانیووە لە خوێندن بەردەوام بن، لەساڵی ١٩٦٣ چەند قوتابییەک لەوانە عەبدوڵلا حەبیب(عەبدوڵلا حەبیب، ٢٠٢٤/٨/١٣) و خەلیل دەرگەڵەیی(پەیامی ئەیلوول(گۆڤار)، ژ(١)، پاییزی٢٠٠٧، ل٦٢)، وە (ساڵح ئەلیاس، حەسەن لەتیف، حوسێن لەتیف مەجید ئەحمەد) دەستگیرکران بە تۆمەتی کارکردن لە ڕێکخستنە نهێنییەکان (الجمهورية العراقية، الامن العام، مديرية امن منطقة كركوك، القلم السرى، الى قيادة الفرقة الثانية، الموضوع/ معلومات، الرقم/١٣/٢٤، ١٩٦٣/١٢/٥)، جگە لەمانە چەندین بنەماڵە لە شەستەکان ڕواندزیان جێهێشت بەهۆی گرتنیان لەلایەن حکومەت لەوانە بنەماڵەی حەسەن تاهیر و حوسێن(ڕۆناك حەسەن تاهیر، ٢٠٢٥/١٠/٢٦؛ سەردار حوسێن تاهیر، ٢٠٢٥/١٠/٢٨) ، لە ساڵی ١٩٦٦ بەهۆی ڕاوەستانی شەڕ و دانووساندن لە نێوان ڕژێم و سەرکردایەتی شۆڕش ئەو دۆخە کاریگەری هەبوو، چونکە


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

ژمارەی قوتابیان زیادیکردووە، ئەگەر بەراوردێك لە ژمارەی قوتابیانی ساڵانی١٩٦١-١٩٦٢ و ١٩٦٨-١٩٦٩ بکرێت، تێبینی دەکرێت ژمارەی قوتابیانی سەرەتایی بەردەوام لە بەرز و نزمی دابووە، تەنانەت لە ٢٣١٥ بۆ ٢١٨٠ دابەزیوە واتە(١٣٥) قوتابی کەمیکردووە.

سەبارەت بە ژمارەی کوڕ لە قۆناغی دواناوەندی زیادی کردووە، یەك لە هۆکارەکانی ئەو زیادبوونە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە گوندەکانی دۆڵی ئاکۆیان، دیانا، هاودیان، مێرگەسۆر، ڕۆستێ، باڵەکان و دەرگەڵە، تەنها قوتابخانەی سەرەتایی تێدابووە، بۆ تەواوکردنی خوێندن بەناچاری ڕوویان کردۆتە ڕواندز، چونکە قوتابخانەی دواناوەندی تەنها لە ڕواندز هەبوو، ئەم گوندانەی کە نزیك بوون بە پیادە هاتوچۆیان دەکرد، قوتابیانی گوندەکان داوایان لە ئامر فەوجی ناوچەکە کرد کە لۆریان بۆ دابین بکات بۆ هاتووچۆ لە کاتی بەفر و باران، حکومەتیش لۆری سەربازی کە چادری لەسەر بوو بۆ قوتابیانی دابین کرد(ئامینە ئەسعەد خەیات، هەولێر، ٢٠٢٥/١٠/٢٣؛ حازم سەیدا عومەر، هەولێر، ٢٠٢٦/٢/٩؛ جەودەت بیلال خدر، ٢٠٢٥/٥/١٤).

قوتابی دەرەوەی ڕواندزیش بە تایبەتی شوێنە دوورەکانی وەک (مێرگەسۆر، ڕۆستی و چۆمان) تا ساڵی١٩٦١ لە خانوویەکی حکومەت دەمانەوە لە نزیك ماڵی ئیبراهیم ئاغا بوو، بەڵام بەهۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول ئەم قوتابیانە نەهاتنەوە(ئەحمەد کەریم ئەحمەد، ٢٠٢٦/٥/١٩) دواتر حکومەت بۆ قوتابیانی دەرەوەی ڕواندز بەشە ناوخۆیی کردەوە، حکومەت خانووی حاجی سەبری نەورۆزی بەکرێ گرتووە(ئامینە ئەسعەد خەیات، ٢٠٢٥/١٠/٢٣؛ ئەحمەد کەریم ئەحمەد، ٢٠٢٦/٥/١٩)، کە خانووێکی دوو قات بوو، نهۆمی سەرەوە سێ ژوور بووە بۆ مامۆستایان و خوارەوە شەش ژوور بووە بۆ قوتابیان، لە بەشە ناوخۆیی حکومەت خواردن، دار و نەوت دابینکردووە هەندێك خزمەتگوزاری دیکەشی پێشکەش کردوون لەوانە دووجار سەرتاشین و چوار جار حەمامکردن، جگە لەو خزمەتگوزاریانە کە بێ بەرامبەر بوو، هیچ بڕە پارەیەکیان لەلایەن حکومەت وەرنەدەگرت(لوقمان تەها، ٢٠٢٦/٢/٦؛ حازم سەیدا عومەر، ٢٠٢٦/٢/٩).

لە کاتێکدا بۆ ئامادەکردنی خواردن پشت بەستراوە بە بەڵێندەر وەك لە نوسراوێکدا هاتووە بۆ بەشە ناوخۆیی دواناوەندی ڕواندز تەندەری نهێنی ڕاگەیەندراوە، بەمەبەستی ئامادەکردنی خواردنی قوتابیان کە ژمارەیان ٣٩ قوتابی بووە(منهج اجتماع مجلس ادارة اللواء في الساعة/ ١١صباحا من يوم الاربعاء المرافق١٩٦٤/٨/١٦)، بە تێپەڕبوونی ساڵ ژمارەی قوتابیانی دواناوەندی ڕواندز زیادی کردووە لە حەفتاکانیشدا قوتابیانی دەوروبەری ڕواندز روویان لە ناوەندی ڕواندز کردووە لە بەشە ناوخۆیی ماونەتەو ئەوکات ژمارەیان نزیکەی(١٠٠) قوتابی بووە(کۆری زانیاری عێراق، دەستەی کوردی، بەرگی هەشتەم، ١٩٨١، ل٥٦-٥٧) .

لە کۆتایی حەفتاکان بەشە ناوخۆیی نەما لە جیاتی ئەمە دەرماڵەیان بۆ تەرخانکراوە کە مانگانە(١٥) دینار بووە(ڕەشاد سەبری، ٢٠٢٥/٨/٨؛ ئەحمەد کەریم ئەحمەد، ٢٠٢٦/٥/١٩) ژمارەی کچانیش لە قۆناغی دواناوەندیدا زیادی کردووە لە ساڵی خوێندنی١٩٦١-١٩٦٢ ژمارەیان(٢٣) قوتابی بووە، کەچی لە ساڵی خوێندنی١٩٦٨-١٩٦٩دا ژمارەیان گەیشتە(٨٣) قوتابی، ئەمەش پەیوەندی بە پەرەسەندنی ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەی کوردی هەبوو، بەهۆی هاتنەسەر دەسەڵاتی حەرەس قەومی دۆخی ناوچەکە بە شێوەیەك ناهەموار بوو کە موتەسەرفی هەولێر (بەدرەدین عەلی) لە ڕێگەی نووسراوێکەوە بۆ قایمقامیەتی ڕواندزی ناردووە، دەستپێکی خوێندنی لە ڕواندز دیاری کردووە (لاسلكية، ع/١٠/ ٢٥٠/ ١٨/٨/١٩٦٣)،

تەنانەت قوتابخانەکانیشی دەستنیشانکراون (ڕواندز، کالۆکان، دیانا، گوندی باڵکیان و باپشتیان)ن(متصرفية لواء اربيل، قلم السر، الى مديرية التربية و التعليم للواء اربيل، الموضوع/ استناف الدراسة في المدارس، العدد/ ٣٥١٨/١٠، ١٩٦٣/٩/٥)، لە دوای کودەتای ساڵی١٩٦٣ حکومەت لەگەڵ سەرکردایەتی کورد ڕێککەوتنامەی بەست، حکومەت بڕیاریدا ژمارەیەك لە قوتابیان کە بەهۆی کودەتاکەوە نەیانتوانیبوو بەشداری تاقیکردنەوەکان بکەن دەرفەتیان پێ دەدرێت و قەرەبوو بکرێنەوە، هەر وەك لە نوسراوێکدا هاتووە ئەو قوتابیانەی پۆلی پێنجەم ئامادە نەبوون لە خولی یەکەم بەهۆی داخرانی ڕێگاوبان دەتوانن لە خولی دووەم تاقیکردنەوە ئەنجام بدەن(الجمهورية العراقية، مديرية التربية و التعليم للواء اربيل، الذاتية، رئاسة اللجنة العليا لادارة الامتحانات العامة، الموضوع/ عدم اشتراك طلاب في الامتحانات الوزارية للدراستين الاعدادية و المتوسطة(الدور الاول)، العدد س/٤٥٧، ١٩٦٣/٣/٦)، تەنانەت بەهۆی خراپی بارودۆخی ئاسایش و هێمنی ناوچەکە، لە ساڵی ١٩٦٣دا وەزارەتی پەروەردە بڕیار دەدات بە گواستنەوەی بنکەکانی تاقیکردنەوەی گشتی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی لە ناوچەکانی دەوروبەری شاری هەولێر بۆ ناوەندی شاری هەولێر، بەپێی بڕیاری ئەنجوومەن وەزارەتی پەروەردە ژمارە(١٩) لە ١٩٦٣/٥/١٨کە لە بڕگەی(٨)دا هاتووە(بڕیاردرا بە گواستنەوەی بنکەکانی تاقیکردنەوەی خوێندنی گشتی ناوەندی و دواناوەندی لە کۆیە و ڕواندز بۆ ناوەندی هەولێر و خەرجکردنی شایستە، کرێی هاتووچۆ و مانەوەیان)(المدرس، ب.س، ص٥٣).

سەبارەت بە دەوامی قوتابیان لە ڕواندز لە کاتژمێر هەشتی بەیانی دەستی پێکردووە و چوار وانەی سەرەکی دەخوێندرا، دوو وانەکەی دیکە کاتژمێر دووی دوای نیوەڕۆ خوێندراوە، بەڵام کە ژمارەی قوتابیان زیاد بووە و بینای قوتابخانە کەم بووە، گۆڕانکاری لە دەوامکردن کرا، لە یەك قوتابخانەدا دوو گروپ دەوامی کردووە دەوامێك سەرەتایی بووە و ئەوی دیکە ناوەندی(ئامینە ئەسعەد خەیات، ٢٠٢٥/١٠/٢٣؛ عوسمان مستەفا سەعید، ٢٠٢٥/١٠/١؛ جەودەت بیلال خدر، ٢٠٢٦/٥/١٤)، دانیشتوانی گوندەکانی دەوروبەری ڕواندز بەهۆی ئارەزوویان بۆ خوێندن داوایان لە سەرکردایەتی شۆڕشی کورد کردووە کە قوتابخانەیان بۆ بکرێتەوە، لەوانە گوندی سەران لە کاتی شۆڕش ١٣٥ماڵ بوون، بەهیممەتی شۆڕش قوتابخانەی تێدا کرایەوە، دوای ئەوەی گوندەکە بڕیاریاندا ئەگەر قوتابخانە بکرێتەوە هەموو پێداویستی خوێندن، خواردن، سووتەمەنی و جێگا دابین دەکەن، هەندێکیان خانووی خۆیان پێشکەش کرد بکرێتە قوتابخانە لەوانە مەریەم حسێن و حاجی کەریم سەرانەیی هەموو خەرجی مامۆستایانیان دابین کرد، شۆڕش سێ مامۆستای نارد، تا ساڵی١٩٧١ حکومەت بڕیاریدا بینای قوتابخانە دروست بکات و سێ مامۆستای دیکەی نارد(پەیامی ئەیلول(گۆڤار)، ژ(٢٠)، ساڵی٢٠١١، ل٤٣).

جێی ئاماژەیە لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت ژمارەی مامۆستایان لە گۆڕانکاری دابووە، بۆ نموونە لە ساڵی خوێندنی١٩٦١-١٩٦٢دا ژمارەیان بە هەردوو قۆناغ(١٢٤) مامۆستایە، ئەمەش پەیوەندی بە دامەزراندنی مامۆستایان و زیادبوونی ڕێژەی قوتابی و دروستکردنی قوتابخانەی نوێ هەبووە، بەڵام دواتر تێبینی دەکەین ژمارەی مامۆستایان کەمی کردووە، بەهۆی هەڵگرسانی شۆڕشی ئەیلول و دەستگیرکردنی ژمارەیەك مامۆستا و دوورخستنەوەیان لەسەر بیروباوەڕی نەتەوایەتی، لەگەڵ دەسپێکردنی شۆڕش حکومەت بڕیاریدا بە دوورخستنەوەی ئەو پێشمەرگانەی کە لە سۆڤیەت لەگەڵ بارزانی بوون لە دام و دەزگاکانی حکومەت دامەزرا بوون،

له ئەنجامدا ژمارەیەك مامۆستا دوورخرانەوە یەكێك له مامۆستایانی ڕواندز زرار سلێمان بەگ بوو(دەرگەڵەیی، ٢٠٠٢، ل٢٣٣) له لایەكی دیكه بەشێك له مامۆستایانی ڕواندز دووچاری هەمان دۆخ هاتنەوە وەك قاسم بەگ و مەلا سەعید خەیلانی دەستگیر كران و قادر بەگ نەفی كرا بۆ مێرگەسوور(میرانی، ٢٠٠٥، ل٤٤)، عەبدوڵڵا ئیبراهیم خدر، ئەنوەر عەلی و جەودەت خەیلانی دوورخرانەوە بۆ باشووری عێراق(صالح، ٢٠٢٢، ل٢٠٥) تەقیەدین قادر بەگ نێردرا بۆ نوگرەسەلمان لەساڵی١٩٦٧ گەڕایەوە ڕواندز(سالار قادر بەگ، ٢٠٢٥/٩/٢٨) له ساڵی١٩٦٢ لەتیف نادر و عەبدوڵڵا حەمید ڕواندزی گیران ڕەوانەی بەندیخانەی هەولێر و دواتر كەركوك كران، لەتیف نادر گوازرایەوە بۆ نوگره سەلمان و دوورخرایەوە بۆ شاری دیوانییە، عەبدوڵڵا حەمید دوورخرایەوە بۆ شاری عەمارە، ئەم مامۆستایانه دەبوایه كاتژمێر(٨)ی بەیانی و(١٢)ی نیوەڕۆ و(٥) ئێوارە (ئیسپات وجود)ی خۆیان له بنكەی پۆلیس بكەن(میرانی، ٢٠٠٥، ل٥٣-٥٤) ئەنوەر عەلی عەبدولرەزاق لەگەڵ كۆمەڵێك مامۆستا دوورخرانەوە بۆ لیوای دیوانیه قەزای شامیه تا ساڵی١٩٦٧ ئینجا گەڕایەوە ڕواندز(ئاسۆی پەروەردە(گۆڤار)، ژ٣١، ئایاری ٢٠٠٣، ل٤٤).

شایەنی باسه له ساڵی خوێندنی ١٩٦٣-١٩٦٤ ژمارەی مامۆستایانی هەر دوو قۆناغ كەم دەبێتەوە بۆ(٥٩)مامۆستا، بەهۆی گرتن و دوورخستنەوەی مامۆستایان، لەگەڵ هاتنی حەرس قەومییەكان بۆ سەر دەسەڵات ژمارەیەك مامۆستا گیران كه سەر به ڕێكخستنی حزبی شیوعی بوون(فەتاح تۆفیق، عەبدولقادر عەبدوڵڵا، محەمەد ئەمین شێخۆ، محەمەد عەلی محەمەد ئەمین، محەمەد ئەمین دیوانه و محەمەد نەورۆز) ژمارەیەك دوورخرانەوە لەوانه گولیزار مستەفا (توێژەر(گۆڤار)، ژ(٧)، ٢٠٢٥/١/٤، ل١٤٦٧-١٤٦٨)، دوای ئازادكردنی مامۆستاكان له كاری وەزیفی دووردەخرانەوە وەک محەمەد ئەمین شێخۆ(حاجی، ٢٠٢٤، ل١١٩)، بەهۆی دەست پێكردنەوەی شەڕی نێوان كورد و حكومەتی عێراق له ساڵی١٩٦٣دا ژمارەیەك مامۆستا دەستگیر كران لەوانه(سامی عەبدولقادر، هەڵگورد ئیبراهیم، كەمال مەلا سەعید خەیلانی، نوری سەعید خەیلانی، حەمید ساڵح بێتوشی، غازی شاكر ئاغا، نوری سەعید، ساڵح نادر ئاغا، خالید عومەر و محەمەد عەلی حەسەن) بوون، دواتر به یارمەتی حوسێن ئاغای سورچی هەندێكیان ئازاد كران(میرانی، ٢٠٠٥، ل ل٥٨-٦٣؛ توێژەر(گۆڤار)، ژ(٧)، ٢٠٢٥، ل١٤٦٩-١٤٧٠).

ژمارەیەك لەو مامۆستایانه بەپێی فەرمانی كارگێڕی دوورخرانەوە(مديرية التربية و التعليم للواء اربيل، أمر أداري، الموضوع/ سحب يد معلمين، العدد/٨٩٠١، ١٩٦٣/٦/٢٣) ئیبراهیم حوسێن دوورخرایەوە بۆ دیوانیه، دواتر بۆ مەبەستی خۆ ئامادەكردن بۆ ساڵی نوێی خوێندن له ڕواندز بەهۆی كەمی مامۆستا بەمەبەستی بەردەوامبوونی پرۆسەی خوێندن له ڕێی چەند نووسراوێكی فەرمی، مامۆستایان خرانەوە سەركاری خۆیان، چونكه دوای بەندكردنیان له كار دەركرابوون لەوانه(غازی شاكر، حەمید ساڵح بیتوش، سدیق مەلا محەمەد ئەمین، مستەفا غەفور و خالد مەلا عومەر)(توێژەر(گۆڤار)، ژ(٧)، ٢٠٢٥/١/٤، ل١٤٧١) و سامی عەبدولقادر(الجمهورية العراقية، مديرية التربية و التعليم للواء اربيل، العدد/١٩٥٥٥، ١٩٦٣/١٢/٢٠؛ الجمهورية العراقية، مديرية التربية و التعليم للواء اربيل الذاتية، مديرية الاستخبارات العسكرية لواء اربيل التحرير، الموضوع/ استفسار، العدد/٢١٧٥، ١٩٦٣/١٢/٢٤؛ الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية لواء اربيل، الى الحاكم العسكري العام

للمنطقة الشمالية، الموضوع/ طلب فك يد معلم، الرقم/٥٤٩٩، ١٩٦٣/١٢/٣٠) بەهۆی سەرنەگرتنی ڕێککەوتننامەی ١٩٦٤/٢/١٠، حکومەتی عێراق مامۆستایانی ناوچەی دەرگەڵەی کشاندەوە و دەوامی ڕاگرت، بەڵام چەند مامۆستایەك لە دەرگەڵە دەوامیان ڕانەگرت و خۆبەخشانە وانەیان بە قوتابیان دەوتەوە لەوانە(زرار سلێمان بەگ، عەبدوڵلا عەزیز و قادر مەلا ئەحمەد دەرگەڵەیی)(دەرگەڵەیی، ٢٠١٨، ل٨٢-٨٣).

حکومەت دیسان ژمارەیەك مامۆستای گرت و دوورخستنەوە لەوانە دەستگیرکردنی دلاوەر محەمەد ڕواندزی و مەلا حەسەن گیرا و گوزرایەوە بۆ بەندیخانەی عەمارە(میرانی، ٢٠٠٥، ل ل ٦٣-٨٢)، لە ساڵانی خوێندنی١٩٦٧-١٩٦٨دا بە دوو قۆناغی خوێندن ژمارەی مامۆستایان زیادیکردووە بۆ (١٣٨)، ئەمەش پەیوەندی بە بارودۆخی نەشەڕ و نەئاشتی ئەوکاتی کوردستان هەبوو، لەم ماوەیەدا ژمارەیەك مامۆستا گەڕانەوە ڕواندز لەتیف نادر یەکێکیان بوو، کە کاریگەری لەسەر بەرەو پێشبردنی پرۆسەی خوێندن هەبوو(میرانی، ٢٠٠٥، ل٨٤).

جێگای ئاماژەیە ئەگەر بەراوردێك لە نێوان ژمارەی مامۆستای ئافرەت بکرێت لە هەردوو قۆناغدا لە ساڵانی ١٩٦١-١٩٦٢ و ١٩٦٨-١٩٦٩دا تێبینەدەکرێت ژمارەیان زیادیکردووە لە ساڵی١٩٦١دا ژمارەی مامۆستای ئافرەت(١٦)مامۆستا بووە، بەڵام لە ساڵی١٩٦٩دا ژمارەیان گەیشتە(٢٥)، کەچی لە نێوان ئەم ساڵانەدا ژمارەی مامۆستای پیاو تەنها دوو مامۆستا زیادیکردووە، لە (١٠٠)مامۆستا بۆتە (١٠٢)مامۆستا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی ژمارەی مامۆستای ئافرەت لە ئاستی عیراق بە گشتی، بەهۆی کردنەوەی خانەی مامۆستایان(٥) ژمارەی مامۆستایانی پیاو زۆر بە کەمی زیادیکردووە، بەهۆی وازهێنان، دوورخستنەوە وگرتنی مامۆستایانی پیاو، هەر وەك لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردووە.

شایانی باسە لە کاتی هەڵگرساندنی شۆڕشی ئەیلول ژمارەیەك مامۆستایان بێجگە لە ئەرکی پەروەردە و فێرکردن ئەرکی خزمەتکردنی نیشتمانییان لە ئەستۆ گرتبوو لەوانە فەرهاد شاکر مەجروم، لەتیف نادر، هەڵگورد ئیبراهیم حوسێن کە لە دەرگەڵە مامۆستا بوون شەوان بە فەردە تفەنگ، فیشەك و نامەیان لەلایەن(عەباس مامەند)ەوە بۆ بارزان دەگواستەوە، جێگای حەسانەوەشیان لە ژێر ساباتی میر حەمەدەمینی دەرگەڵەیی بوو(پەیامی ئەیلول (گۆڤار)، ژ(٥)، ئەیلوول٢٠٠٨، ل٦٥).

شۆڕشی ئەیلول تەنها شۆڕشێکی چەکداری نەبوو، بەڵکو گرنگی بە لایەنەکانی دیکەش داوە، یەك لەو لایەنانە خوێندن بووە، کە شێوەیەکی کرداری کاریان کردووە وەک کردنەوەی سێ خولی پێگەیاندنی مامۆستایان(نەجار، ٢٠١٦، ل٨٤-٨٦؛ پەیامی ئەیلوول(گۆڤار)، ژ(٢)، زستانی٢٠٠٨، ل٥٥) بۆ ئەو قوتابیانەی چوونەتە ناو شۆڕش لە خوێندن دابڕا بوون (لوقمان تەها، ٢٠٢٦/٢/٦) ئەو هەنگاوەی شۆڕش بەهۆی جێبەجێکردنی سیاسەتی حکومەت، چونکە حکومەت مامۆستاکانی دەوروبەری شاری گواستەوە بۆ ناو شار تا فشار بخاتە سەر شۆڕش و بۆشایی لە قوتابخانەکان دروست بێت، بەڵام شۆڕش هەڵسا بەئەنجامدانی چەند هەنگاوێکی گرنگ تا ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە، یەکەم هەنگاوی دامەزراندنی دەزگای زانیاری بوو کە ڕاستەوخۆ بە مەکتەبی سیاسی بەسترابۆوە، لیژنەیەك پێکهات بۆ هەڵسوڕاندنی ئەو دەزگایە کە پێکهاتبوو لە (محەمەد ئیسماعیل بەڕێوەبەر، لەتیف نادر یاریدەری گشتی و محەمەد عەلی مستەفا پشکێنەر


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بوون)، هەنگاوی دووەم هەڵسان بە کردنەوەی سێ خول چەندین کەسی ڕۆشنبیریان دانا بۆ ووتنەوەی وانەکان کە(مەحمود عوسمان، جەرجیس فەتحوڵلا، لەتیف نادر، محەمەد مستەفا، محەمەد ئیسماعیل وهاشم عەقراوی) بوون.

سێیەم هەنگاو پێنج پەروەردە لە ناوچە ئازادکراوەکان کرایەوە(پەیامی ئەیلوول(گۆڤار)، ژ(٢)، زستانی٢٠٠٨، ل٤١؛ پەیامی ئەیلوول(گۆڤار)، ژ٢، ل٧١)، وانەکانی خولەکە(چۆنیەتی بەڕێوەبردنی قوتابخانە، ڕێگای وانەوتنەوە، پەروەردە، زانستە کۆمەڵایەتیەکان، دەروونناسی، زانستی سیاسەت، مێژووی شۆڕشی گەلان، مێژووی کورد، مێژووی پارتی، زمانی کوردی و پەروەردەی تەندروستی...هتد) دەخوێندرا(پەیامی ئەیلوول(گۆڤار)، ژ(١)، پاییزی٢٠٠٧، ل٤٧) ژمارەیەك لە قوتابیان بەشداری ئەم خولەیان کرد وەك خلیل دەرگەڵەیی، ئازاد نەورۆز، شێرکۆ محەمەد قادر، دڵشاد غەفور کوردە ڕواندزی، قادر بەگ (پەیامی ئەیلوول(گۆڤار)، ژ(٢)، زستانی٢٠٠٨، ل٦٤؛ پەیامی ئەیلوول(گۆڤار)، ژ(٢٠)، مارت ٢٠١١، ل٧٣-٧٤؛ پەیامی ئەیلول (گۆڤار)، ژ(٢)، ٢٠٠٨، ل ل٦٣-٦٦)، فەرهاد محەمەد مستەفا و ئازاد نەورۆز خولەکەیان تەواو کرد و بوونە مامۆستای شۆڕش(فەرهاد محەمەد مستەفا، ٢٠٢٤/٩/٢٦؛ موسی محەمەد خدر، ٢٠٢٦/١/١٣) هەندێك پێشمەرگە بەشداری ئەم خولانەیان کردووە، بەڵام نەیانتوانی بەردەوام بن بەهۆی ئەرکی پێشمەرگایەتی(محەمەد حەسەن ڕەشید، ٢٠٢٥/٨/٢٦).

